# قاپووتیش بوو به دیجیتالی!!

پێشووتریش له چەندین بابەتدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە لەسەردەمێکدا دەژین خەوتن و خەون و خواردن و رۆیشتنیشمان بەرەو دیجیتالی چووە و ئامێری دیجیتالی نوێ رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبن، وەك کاتژمێری دیجیتالی، فڵچەی ددانی دیجیتالی، پەنجەوانەی دیجیتالی، ئەمجارەیان پاڵتۆی دیجیتالی!!

ئەم پاڵتۆیەی (قاپووت) کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، ناسراوە بە قاپووتی جۆری M کە تەواو سمارت و ژیرۆکە، چونکە تەڕ نابێت. سیستەمی گواستنەوەی داتا و زانیارییەکان واتە G4 لەم پاڵتۆیەدا هەیە. دەکرێت لە رێگای ئەو پاڵتۆیەوە ئەنتەرنێت وەربگری و لەگەڵ مۆبایلەکەت لە پەیوەندیدابێت. مانگانە 1 گیگابایت ئەنتەرنێت بەخۆڕایی دەبەخشێتەوە، بەڵام تەنیا لە 80 شاری ئەمەریکادا. هەروەها دەتوانرێت مۆبایلەکەت بەهۆی ئەو پاڵتۆیەوە شەحن بکەیەوە.






# ئۆلتراب

له جیهانی دیجیتالی نوێدا وشه و دەستەواژەی نوێش سەرهەڵدەدەن وەك وشەی تەبلێت، ئۆلترابووك، فەبلێت.. تاد. ئۆلترابووك چ ئامێرێکە؟ ئۆلترابووك تەواو دیزاین و ستایل و کارکردی لاپتۆپی هەیە، واتە لاپتۆپێکە بە تەواو مانا، تەنیا جیاوازیی ئۆلترابووك لەگەڵ لاپتۆپ لەوەدایە کە دەبێت کێشی ئۆلترابووك سووك بێت، ئەویش بە دانانی DVD drive واتە شوێنی

# ئامێرێکی دیجیتالی بۆ گشت وەرزەکان






مەچەکبەندی دیجیتالی ئامێرێکی نوێ نییە لە جیهانی دیجیتالیدا، بەڵام مەچەکبەندی جۆری Jawbone UP24Jawbone UP242 تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم مەچەکبەند یان بازنەیە زۆر بە رێکی ئاگاداری تەندروستیی بەکارهێنەرەکەیەتی، بەردەوام خەریکە بزانێت لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەی نۆرماڵە یان مەترسیدارە، هەروەها رۆژانە رێژەی ئەو کالۆری واتە وزەیەی کە بەکارهێنەرەکەی دەیسووتێنێ دیاری دەکات و وەك داتایەك بۆ مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکات. تەنانەت دەتوانرێت لەوکاتانەی کە خاوەنەکەی خەوی لێکەوتووە بەڵام مەترسی لەسەر لێدانی دڵی هەیە یان گرفتێکی تەندروستی هەیە وەك جەرەسێکی ئاگادارکردنەوە بۆ مۆبایلەکەی بەرێ بکات و مۆبایلەکەش ئاگاداری کەسانی دیکە بکاتەوە لە کێشەی تەندروستیی خاوەنی بازنە دیجیتالییەکە.



## ـــــــوكیش بوو به گەیمەر

دی ڤی دی لە ئولترابووكدا، هەروەها دەبێت زۆریش تەنك بێـت. ئەگەر ئەو دوو تایبەتمەندییـــەی نەبن ئەوە دەبێتە لاپتۆپ.

نوێترین مۆدێلــی ئولترابووك كە بـــە Blade pro ناســـراوە، لەریزی ئولترابووكە گرانبەهاییەكانە و لەلایەن كۆمپانیای RAZAERەوە بەرهەمهاتووە. ئەم ئولترابووكە تەواو بۆ یارییە ئەلكترۆنییە ئاســت بــەرزەكان چێكراوە، چونكە پرۆسیسەری چوار ناوەكی لەگەڵدایە، رامەكەی 8 گیگابایتـــە. هاردەكـــەی 256 گیگابایتـــە. كارتی گرافیكەكەی 2 گیگابایتە. شاشەكەشی 17.3 ئینجە و سەرووی فول ئیچ دییە. وێب كەم و سێ شوێنی دانانی USB.3 و شــوێنی دانانی HDMI هەیە. سیســـتەمی ویندۆز 8ی لەســـەرە، بەڵام نرخەكـــەی زۆر گرانە و سەرووی سێ هەزار دۆلارە.



## مۆبایلێك لە شێوەی پێنووس

دیزایـــن و ســـتایلی هانـــدە هۆشـــمەندەكان گۆڕانكاریی نوێی بەســـەرداد‌ێت و لەو شـــێوە ســـتایلە كلاســـیكیە دەچێتە دەر. هاندی سێ رەهەندی و هاندی نەرم و تەنك... ئەمجارەیان هاندێكی مۆبایل كە ستایلەكەی لە شێوەی قەڵەمە. ئەم هاندە نوێیـــە هەرچەندە هەتا ئێســـتا زیاتر لە سنووری دیزاین دایە و بە فرمیی لێـــی بەرهەم نەهاتووە، بەڵام گەر پێشـــوازی لێبكرێت رەنگە لە ماوەیەكی كەمـــدا بكەوێتە بـــواری دروســـتكردنیەوە، وەك ئاماژەی پێكرا لە شـــێوەی قەڵەمێكە. هیچ شاشـــەیەكی تێدا نابینرێت. تەنیا شاشـــەیەكی جۆری OLED لەسەرەوە هەیە. بەشی خوارەوەی دوو دوگمەی پەیوەندی و نووسینی هەیە. هەرچەندە تێمی جۆراوجۆری هەیە و ئایكۆنی زۆر پرۆگرامەكانی لەسەرن، بەڵام نازانرێت هاندێك كە شاشـــەیەكی گونجاوی نەبێت بۆ ســـەیركردن پرۆگرامگەلی تایبەتی بۆ دەبێت تێدا بێت. بە ویســـتی خۆت دەتوانی رەنگی و ســـتایلی هاندەكە بگۆڕی.



## كاتژمێرە هۆشمەندەكەی ئەپڵ ژنانە و پیاوانەی هەیە

بـــازاڕی بەرهەمهێنانـــی كاتژمێری ســـمارت گەرمە، ســـۆنی، سامســـۆنگ، گوگڵ و ئەپـــڵ و چەندین كۆمپانیای ناســـراو و بێناو خەریكن كاتژمێری هۆشـــمەند بەرهەم دێنن. كاتژمێرە هۆشـــمەندەكەی ئەپڵ جیاوازییەكی هەیـــە لەگەڵ ئەوانی دیكە ئەویش هـــی پیاوانەو ژنانەی لێكجیاكردۆتەوە. ئەو كاتژمێرەی ســـایزكەی 1.3 ئینجە تایبەتە بە ژنان و ئەوەی 1.7 ئینجە هی پیاوانە. شاشـــەی هەردوو جۆرەكە لە جۆری OLEDیە. پێشووتر سەبارەت بە تایبەتمەندییەكانی دیكەی كاتژمێرە هۆشمەندەكەی ئەپڵ زانیاری نوێمان بڵاوكردبۆوە.

## گۆڕانکارییەکی جددی لە کارتی شاشەدا



کارتی گرافیکی واتە VGA card ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و تەبلێت و ئامێرەکانی گەیم...تاد دا دەبینێ. هەتا کارتی گرافیکی لەسەرتربێت کوالیتی نیشاندانەکە ئاست بەرزترە. لەم دواییەدا کۆمپانیای AMD یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کارتی شاشە کارتی گرافیکی جۆری Fire pro S10000 بەرهەم هێناوە 12 گیگابایت رامەکەیەتی. ڕەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەم کارتە گرافیکییە گۆڕانکارییەکی جددی لە جیهانی کۆمپیوتەردا بەتایبەتی لە بواری گرافیکیدا پێکبێنێ، ئەوانەی کاری گرافیکی و مونتاژی فیلم دەکەن گرنگی ئەو کارتە شاشەییان بۆ دەردەکەوێت.

## تۆپێکی کامێرەیی لە یەک کاتدا ٣٦ وێنە دەگرێت



بۆ گرتنی وێنەی پانۆرامایی واتە ئەو وێنانەی کە 360 پلە دەکرێت سەیریان بکەی و هەموو گۆشە و لایەنەکانی تێدا ببینرێت وەك سەرێ و خوارێ و لای راست و لای چەپ.. بەڵام بۆ گرتنی وێنەیەکی وا هەم دەبێت پرۆگرامگەلێکی تایبەتی هەبێت، هەم کامێرایەك کە ئەم جۆرە وێنانە بگرێت و دواتر وێنەکان لەسەریەك بخەیەوە.

کامێرای جۆری Panono ئەم کامێرایەیە کە لەراستیدا لە تۆپێك دەچێت، بۆ ئەوەی کە وێنەیەکی پانۆرامایی بگری تەنیا یەکجار تۆپێکە بەرەو بەرزی باوێ، ئەوکاتە وێنەیەکی پانۆرامایی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك بە کوالیتێیەکی بەرز دەگیردرێت، ئەوکاتە کامێراکە بەرەو بەرزایی داوێی لە یەککاتدا 36 کامێرا لە هەموو لایەکەوە وێنە دەگرن و وێنەکان تێکەڵ بەیەك دەبنەوە و دەبنە وێنەیەکی پانۆرامایی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێزمان پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، (backup) چییە و چ سوودێکی هەیە؟ خوێنەری بەڕێز (بەك ئاپ) یانی هەڵگرتنەوەی نوسخەیەك لە گشت داتا وزانیارییەکانت.. ئێمە وەك مرۆڤ زۆر شتمان لێ ون دەبێت، زۆر شتی بەسوودمان بە هۆکارێکەوە لەناو دەچێت، کۆمپیوتەریش ئاوایە، (بەك ئاپ) هەڵگرتنەوەی نووسخەیەك لە زانیاریەکان ئەوکاتە گرنگی دەردەکەوێت کە لەناکاو کۆمپیوتەرکەت هەرچی داتای لەسەریەتی دەسڕێتەوە، ئیدی لەکاتێکی وادا چ دەکەی، بەتایبەتی داتاکان کە شەخسی بن، چونکە بە پارەش چارەسەر ناکرێت، وەك کەلوپەلێك نییە لە بازاڕ بیکڕی و چارەسەری بکەی، بەڵام کە (بەك ئاپ) یان ریکۆڤەریت کرد، ئیدی زانیارییەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت لەسەر فلاش یان DVDیەك خەزن دەکەی ئەوکاتە خەمی ئەوەت نییە کۆمپیوتەرت تێکدەچێت یان نا، تەنانەت ئێستاکە هەندێك سایت هەن کە خزمەتگوزاری هەڵگرتنی داتاکان واتە هەڵگرتنەوەی بەك ئاپ لەسەر ئینتەرنێت دەبەخشن کە ساڵانە لەبری هەڵگرتنی زانیارییەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت پارەیەك وەردەگرن ئەمە لە هەڵگرتنی داتاکان لەسەر DVD و فلاشیش باشترە، ئێستا گرنگی backupت بۆ دەرکەوت، هیوادارم بەك ئاپێك لە داتاکانت هەڵبگرییەوە.



## کاتژمێرێکی گوستیلەی تایبەت بە پیاوان

لــە جیهانی ئامێــرە دیجیتالییەکاندا هیچ شــتێك بەقەد کاتژمێری دەســت لــەم چەند ســاڵەیدا گۆڕانی بەســەردانەهاتووە، یەکێك لە کاتژمێــرە سەرنجڕاکێشــەکانی، کەلەلایەن دیزاینەری کاتژمێری ناسراو، ”گوستاف ژیکژای“ دیزاینەکەی داڕێژراوە زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە.

ئەو کاتژمێرە رەنگە لە ســەرەتای ساڵی 2014دا بکەوێتە بازاڕەوە. کاتژمێرەکە لە ئەنگوســتیلەیەك دەچێت و لە پەنجە دەکرێت. ئەڵقەکە خۆی لە ســێ ئەڵقــەی دیکە پێکهاتووە، ئەلقەی سەرەوە کاتژمێر نیشان دەدات و ئەڵقەی ناوەندیش خولەك و ئەڵقەی خــوارەوەش چرکە نیشــان دەدات و بە سووڕاندنی ئەو ئەڵقانە بە دەوری یەکدا دەکرێت بە ئاســانی بزانرێــت کاتژمێر چەندە، کاتژمێرەکــە تایبەت بە پیاوان و شــەحنێکی وایەرلەیســی لەگەڵدایە لەگەڵ باترییەکی زۆر تەنك بۆ نیشــاندانی کات LED زۆر بچووکی تێدا بەکارهاتووە کە دوو رەنگی شــین و نارنجی هەیە.

## سکاینەری خۆراکیش بەرهەمهات




قەڵەوی مەترسیدارترین نەخۆشــیی ئەم سەردەمەیە، پسپۆرانی بواری تەندروســتی دەڵێن رێژەی ئەوانەی کە بەهۆی قەڵەوی و خواردنی زۆرەوە دەمرن و تووشــی نەخۆشی دەبن لە رێژەی ئەوانەی کە بەهۆی برســییەتی و هەژارییەوە دەناڵێنن زیاترە. وەرزشکردن و کەمکردنەوەی خواردن و رێجێمێکی دروســت چارەســەری ئەم کێشــەیە دەکات. چەندین ئامێری گرنگ بۆ دابەزاندنی کێش بەرهەم هاتوون، ئەم ســکاینەرە خۆراکییەش یەکێکە لەم ئامێرانە. ئەم ســکاینەرە پاش ئەوەی کــە ئەو خواردنەی کە مەبەستتە بیخۆی ســکانی کرد بەهۆی بلوتوسەوە زانیاری لەبارەی خواردنەکە بۆ مۆبایلێکی هۆشــمەند وەك رێژە و جۆری خواردنەکە بەرێ دەکات، لە ســەر شاشەی مۆبایلەکە نیشــاندەدرێت کە ئــەم خواردنە ئەوەندە کالۆری (وزە)یەی تێدایە.

## سایتێک بۆ فێرکردنی تایپ کردن بە هەموو زمانێک



لە وەرزشکردندا هەڵاتن و راکردن، دایکی وەرزشیەکانی دیکەیە یانی بۆ هەر وەرزشێك کە ئەنجامی دەدەی دەبێت لەسەرەتادا بۆ ماوەی چەند خولەکێك جەســتەت بە راکردن گەرم دابێنی ئەگینا ســەرکەوتوو نابی لە یارییەکەدا، لە کاری کۆمپیوتەریشــدا وایە، هەتا تۆ نەتوانی بەباشــی تایپ بکەی ناتوانی ئەرکەکانی دیکە بەباشــی ئەنجام بدەی، بۆ نموونە ئەگەر کاری تۆ لەسەر کۆمپیوتەر ژمێرياریيە، ئەگەر بەباشی و بە خێرایی نەتوانی داتاکان داخیل بکەی سەرکەوتوو نابی، ئەگەر کارەکەت دیزاین و مونتاژ و هەرچییەك بێت پێویستت بەتایب کردن دەبێت. زۆر شێواز هەن بۆ فێربوونی خێرایی تایبکردن، سایتی /http://10fastfingers.com typing-test/Kurdish رێگاکانی ئاسان کردۆتەوە، دەکرێت سەرێك لەم سایتە بدەی و زمانی مەبەستت هەڵبژێری و لە بۆکسێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە تایپ بکەی و سایتەکە خێرایی تایبکردنەکەت هەڵدەسەنگێنێ و بەپێی خێراییەکەت نمرەت دەداتێ.